
ئەفسانە سروش

**دەتەوێ بمدۆزیتەوە؟**

دەتەوێ كۆم بكەیتەوە.؟
بیستم ماندووی،
بەڵام
بەپەرۆشەوە بگەڕێی و
بمدۆزەرەوە.
بگەڕێ كۆڵان بە كۆڵان
دەرگا بە دەرگا
جێژوان بە جێژوان
تا ژێر سێبەری
هەموو
درەختەكانی شار
دەتوانی بمدۆزیتەوە
بمدۆزەرەوە،
ئەگەر توانیت كۆم بكەرەوە
بزانم دەتوانی؟
من هەر لێرە و
هەر لە وێ نیم
هەر پارچەیەك و
دوان و سیان نیم،
ئەگەر توانیت
بگەڕێ بمدۆزەوە و
كۆم بكەرەوە
چاو بۆ چی من دەگێری؟
بۆ خۆشەویستیم!
كینە هات و بردی.
چاوەڕوانیم!
بۆ تۆ لەكەناری درۆكانتدا
بەجێ مای بەجێ
دەستەكانم ترازن
لەدەستت و
لە ئەژنۆی خەمت ئاڵاون
لێوەكانم!
دوور لەلێوت لێو بەلێوی
بادەی مەستن!
لەچیم دەگەڕێی و
بیدۆزیتەوە
لەكوێ دەتەوێ
كۆم بكەیتەوە؟!.

مەهاباد  ئەفسانە سروش